

# سینەما کوردیکا

# CINEMA KURDICA

2

KURDISTAN - HAWLER - OCTOBER 2009

یەکەم رۆژنامەی کوردی تایبەتە بە سینەما ، ژمارەی یەکەمی لە ٢٠٠٩/٩/٩ دەرچووە

## شوێنێک بۆ یاری

یەکەم فیلمی هاوبەشی کوردستان و ژاپۆن

ل٨


مانگنامەیەکی سینەماییە
د. موحسین ئەحمەد عومەر و
عەدنان عوسمان عەلی
دەریدەکەن

دیزاین:
چیمەن حەسەنی ـ ئاسۆ مامزادە

ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

سەرپەرشتی چاپ:
مسەدەق جەعفەر
چاپ:
چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

# کورد لە ئەرشیڤی سینەمای جیهانی

## سەفەر بەرەو ئومێد



فیلمێکی سویسرییە ساڵی ۱۹۹۰ دەرهێنراوە
ماوەکەی سەعاتێک و پەنجا خولەکە
دەرهێنانی: گزاڤیێ کۆللەر
سیناریۆ: گزاڤیێ کۆللەر، فریدە چیچەک ئۆغلو
موزیک: ژان گاربارێرک

**ئەم فیلمە خەڵاتی لیۆپاردی برۆنزی لە فێستیڤاڵی لۆکارنۆ و ئۆسکاری فیلمی بێگانەی وەرگرتووە.**

ناوەڕۆکی فیلمەکە : پاڵەوانی فیلمەکە ناوی حەیدەرە و ژنەکەی ناوی مریەمە و شەش منداڵیان هەیە و لە یەکێ لە گوندەکانی کوردستانی تورکیا دەژین. حەیدەر لەبەر ئەوەی ناتوانێ خێزانەکەی بەخێو بکا بیر لە دەرچوون دەکاتەوە. خەون بە وڵاتی سویسرا دەبینێ کە لەوێ ماست و پەنیر و شیر جۆگەڵەی بەستووە، سویسرا بۆ ئەو وڵاتی خەونەکانە. سەرەنجام بڕیار دەدا هەموو ماڵ و حاڵی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی بیداتە قاچاغچی تا بیگەیەنێتە سویسرا. لێرەوە سەفەرێکی دوور و درێژ بە نهێنی دەست پێ دەکا تا خۆی و ژنەکەی و منداڵێکی دەگەنە لێواری شاخەکانی سویسرا کە هەمووی بەفر داپۆشیوە و پلەی گەرما بیست لە خوارەوەی سفرە. هەر لێرەشەوە قاچاغچییەکان حەیدەر و ژنەکەی و منداڵەکەی لەگەڵ دەیان کەسی دیکەی پەناهەندە بەجێ دەهێڵن و پێیان دەڵێن لە پشت ئەم شاخە سویسرایە، پاشان خۆیان بزر دەکەن. ناچار هەموویان بە نەشارەزایی ملی ڕێگا دەگرن. لە ڕێگا منداڵەکەی حەیدەر لە سەرما ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ، دواجار پاسەوانەکانی سنوور هەموویان دەدۆزنەوە و دەیانبەنە نەخۆشخانە، بە هۆی لە خەتەردانی ژیانی منداڵەکەی حەیدەر حوکم دەدرێ و ژنەکەشی دەبەنە ماڵی کۆمەڵایەتی.

دەرهێنەر گزاڤیێ کۆللەر، ڕووداوی ئەم فیلمەی لە ڕووداو و ژیانی پەناهەندانی کورد دەرهێناوە و سوودی وەرگرتووە، دەیەوێ پێمان بڵێ بێ ئومێدی چەندە هۆکارێکی بەهێزە کە وادەکا مرۆڤ ژیانی خۆی بخاتە خەتەری لە پێناوی گەیشتن بە بەهەشتێکی وەهمی.





# ناوەڕۆکی فیلمە کوردیەکان

### مەسعودی مەلا هەمزە

جیهانی فیلمسازی و سینەما بە گرنگترین بەشی هونەر دادەنرێ، هەر بۆیەشە ناوزەد کراوە بە هونەری حەوتەم، ئەو هونەرەش جیا لە هونەرەکانی دیکە بە کاریگەرترین هونەر دادەنرێ لەسەر ئاستی جیهان، بۆ ناساندنی کلتووری میللەتان، لە هەمان کاتدا زمانێکی هاوبەشیشە لەنێوان هەموو گەلانی جیهان، لەوانەیە ئێمەی کورد درەنگ بە پیر ئەو هونەرەوە هاتبین و کارمان تیا کردبێ، لەوەش گرنگتر لەوانەیە بەشێکی زۆری فیلمسازان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کارنەکەن و بە حەز و خولیاوە هەنگاویان نابێ بۆ کارکردن لەو هونەرە، ئەگەرنا خۆیان یان دەرچووی بەشی شانۆن، یانیش هەم دیسان بە حەز و خولیاوە ماوەی چەند ساڵێکە کاری شانۆیی دەکەن.

ئەوەی لێرەدا گەرەکمە باسی بکەم ناوەڕۆکی بەشێکی زۆر لەو فیلمە سینەماییە کوردییانەیە، کە لە ئێستادا هونەرمەندانی کورد پێوەی خەریکن و بەرهەمی دەهێنن، ئەویش مەسەلەی ئەنفال و ئەو کارەساتانەیە کە بەسەر کورددا هاتوون.

کێ هەیە لە ئێمەی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازار نەدرابێ و هەستی بەو ئازارانە نەکردبێ کە بەسەر کورددا هاتوون، بەڵام کێ هەیە بێو ئەو ئێش و ئازار و کارەساتانە بە خەڵکی جیهان بناسێنێ و پێیان بڵێ ئەوە ئێمەی کورد ساڵانێکە ئەو هەموو دەردەسەرییەمان بینیوە و ئاوا ئازار دراوین و هەر کۆڵیشمان نەداوە، بێگومان پەیامی سەرەکی بەشی هەرەزۆری دەرهێنەرانی کورد ئەوە بووە... جا چەند توانیویانە ئەو ئامانجە بپێکن، ئەوە پرسیارە؟

لە کاتی بینینی هەریەک لەو فیلمە سینەماییە کوردییانەی بەرهەم هاتوون بە شێوەیەکی گشتی هەست بەو جۆرە بابەتانە دەکەین، بەڵام دەبینین هەر دەرهێنەرەو بە جۆرێک لە جۆرەکان و بە ستایل و شێوازی خۆی کاری تیا کردووە و مەسەلەکەی خستووەتە ڕوو، هەندێکیان لە ڕێگای خۆشەویستییەوە باس لەو کارەساتانە دەکەن و هەندێکیشیان بە شێوازی دیکە، بەڵام ئایا کام فیلمە کە توانیویەتی تراژیدیاکەی ئەوەندە گەورە و کاریگەر بێ لە ئاست کارەساتەکان خۆیاندا بن، ئەگەر وانەبێ بێگومان ئەو کارانە نەکرێ باشترە، چونکە لە فیلمێکدا بینیم کە باسی لە کیمیارانکردنی هەڵەبجە دەکرد، بەو پێیەی دەرهێنەرەکە نیشتەجێی وڵاتێکە کە کاتی خۆی کۆمپیانیاکانی ئەو وڵاتە کیمیاویان فرۆشتە ڕژێمی بەعس، کەچی ئەو دەرهێنەرە لە فیلمەکەیدا ئەو وڵاتەی بێ تاوان خستە بەرچاو، جا کاری وانەکرێ باشترە، پێویستیە دەرهێنەرانی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو بیر لەو کارەساتانە بکەنەوە و هەوڵدەن تەواو تێکەڵی ئێش و ئازارەکان بن، نەک بە شێوەیەکی سەرەتایی باس لە کارەساتەکە بکەن.

خۆزگە جگە لەوانەش دەکرێ دەرهێنەرانی کورد بیر لەوە بکەنەوە لەمەودوا کار لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەمڕۆی کوردستان بکەن، کە ئەوەیان بە شێوەیەکی یەکجار کەم بەدی دەکرێ، گەرچی پێویستیشە کاری وابکرێ، بەڵام نەکراوە، ناشبێ ئەوەمان لەبیربچێ تاکو کار لەسەر ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد و ئێش و ئازارەکانی بکرێ هەر کەمە و دەکرێ کاری باشتر و داهێنەرانەتر بەرهەم بێت.

* سەرپەرشتیاری بەشی هونەری هەفتەنامەی بەدرخان

# سەرەنجێک لەبارەی فیلمەکانی هونەر سەلیم

د. موحسین ئەحمەد عومەر




■ بە هۆی نزیکی و بە دواداچوونی بەردەوامم بۆفیلمەکانی کاک هونەر سەلیم، بینینی گشت فیلمەکانی، لە پاریس و لە کوردستان، دەتوانم بڵێم هونەر سەلیم، سەرەڕای بوونی عەشقێکی زۆری بۆ سینەما و هونەر بە گشتی، تەواوی فیلمەکانی بە سەرەتایەکی زۆرباش دادنرێن بۆ فیلمی کوردی فەرەنسی هاوبەش، چونکە گشت فیلمەکانی بە بودجەی فەرەنسی و کوردی بەرهەم هێنراون، تەنیا لە ڕووی کولتوورییەوە کورد هاوبەشی لەم فیلمانە دەکا. چونکە سینەما و فیلم دەرهێنان وەک هیچ کارێکی تری هونەری نیە، کێ بەرهەمی بهێنێ، ئەو فیلمە موڵکی ئەوە. ئەم ڕوانینە تا ڕادەیەک بۆ هەموو ئەو فیلمانەش ڕاستە کە لە لایەن دەرهێنەرە کوردەکان لە ئۆروپا و ئەمریکا بە پارەی ئەو وڵاتانە دەرهێنراون. تەنیا ئەو فیلمانەی لە کوردستان دەردەهێنرێن، لەسەر ئەرکی دارایی کورد و کەرتی تایبەتی کوردی یان گشتی وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە فیلمی کوردی دادەنرێن. بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە دەبێ بۆ ئەم فیلمانە بڕوانین.

کاک هونەر تا ئێستا خاوەنی کۆمەڵێک فیلمە وەک : بستێک سنوور، شێرۆ، قاچاغچییەکانی خەون، بژی بووک بژی ڕزگاری کوردستان، بە ڕەهایی، ڤۆدکا لێمۆن، کیلۆمەتر زیرۆ، دۆڵ. سەربانەکانی پاریس، لە نێو ئەم فیلمانە ئەگەر بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی سەیریان بکەین، دەبینین هونەری سینەما لە لای کاک هونەر بە کێرڤێک هەڵنەکشاوە لە سادەوە بۆ ئاڵوز و فیلمی نایاب بڕوا، بەڵکو ئەم کێرڤە هەردەم لە بەرزی و نزمی دابووە. فیلمەکانی بستێک سنوور و شێرۆ بە سەرەتایەک یان گرۆگاڵێک دادەنرێن، هەتا فیلمی قاچاغچییەکانی خەونیش زۆر توندوتۆڵ و پوختە نیە، سیناریۆکان لاواز دیارن، بە پێچەوانەوە کامێرامانەکانی هونەر هەردەم هونەرمەندی لێهاتوو بوونە. چوار فیلمی هونەر کە تا ڕادەیەکی زۆر کەوتوونەتە ناوەندی ئەزموونی هونەری کاک هونەر سەلیم، دەتوانم بە فیلمی سەرکەوتوویان دابنێم، یەکەمیان بژی بووک بژی ڕزگاری کوردستان، ڤۆدکا لێمۆن، بە ڕەهایی (ئەمەیان زیاتر فیلمی تەلەڤیزیۆنیە بۆ کەنالی ئارتێ گرتوویەتی) لەگەڵ سەربانەکانی پاریس، لەم چوار فیلمە هەست بە ڕوانین و توانای هونەری ئەم دەرهێنەرە کوردە دەکەین لە ڕووی سیناریۆ، ئێستێتیک، گێڕانەوە. بەڵام فیلمی کیلۆمەتر زیرۆ و دۆڵ، کە لە ئەزموونەکانی دواییە، لە ڕووی سیناریۆ و زۆر شتی تر لاواز دێنە بەرچاو، گێڕانەوە تێکەڵ و پێکەڵە، زوو زوو بینەر سەری لێ دەشێوێ و نازانێ لە کوێی گێڕانەوەیە. هونەر بە هۆی ژیانی ماوەیەکی زۆر لە ئیتالیا، لە ڕێگای ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، هەست دەکەین کەوتۆتە ژێر کاریگەری سینەمای ئیتالی، لەوانە بە تایبەتی شێوازی گێڕانەوەی فێدریکۆ فێللینی، بەڵام سوود وەرگرتن لەم شێوازە کارێکی زۆری دەوێ، هەر دەرهێنەرێک لە فێللینی نزیک بێتەوە دەبێ وریا بێ نەبێتە کۆپیکاری ڕاستەوخۆ، چونکە فێللینی لەو هونەرمەندانە نیە بێ نەخشە و پلانی هونەری و ئێستێتیکی پێشینە و هەزار و یەک حسێبی هونەری هەنگاو هەڵبێنێ، کە لە هەر دیمەنێک دەیەوێ سروشتێکی سۆسیۆسایکۆلۆژی جیاوازی مرۆڤەکان پیشان بدا، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمێدیا و تراژێدیا و ساتیریک و داستان و زۆر شتی تر. بەڵام کاک هونەر سەلیم، سەرەڕای کەم سوود وەرگرتن لە شێوازی فێللینی لە فیلمەکانی زۆر دلسۆزە، هەمیشە دەیەوێ ئازار و ئەشکەنجەکانی مرۆڤی کورد پیشان بدا، لەم ڕووەشەوە نایەوێ تەنیا بە شان و باهوی کورد هەڵبدا، بەڵکو دەیەوێ ڕەخنەش بگرێ، ئەم ڕەخنەیەش هەڵبەت بۆ زیندوو کردنەوەی کوردە. بێگومان بوونی ڕوانینێکی لەم جۆرە، بە فیلمێک دەشێ پیشان بدرێ کە ئاڵۆزی و ڕوونی لە خۆی هەڵگرتبێ، بە قەد هەموو ئەو سەختی و ئاڵۆزی و ڕوونیانەی فێللینی پیشانیان دەدا وەک ناوەڕۆک و وەک شێوازی هونەری چڕ بێ، ئەمە گاریگەرییەش هێشتا لە فیلمە کوردییەکان دەرنەکەوتووە. کورد دەتوانێ سوود لە ئەزموونی جیهانی وەرگرێ، بەڵام دەبێ ئەم ئەزموونە لە یەک کاتدا کەسایەتی کورد پیشان بدا لە هەمان کات مۆدێرن بێ، مرۆڤی کورد دەبێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، خۆی ببێتە فێدریکۆ فیللینی، بەڵام کوردانە.











فۆتۆگراف: عەدنان عوسمان







## کیلۆمەتر زیرۆ

● دەرهێنانی: هونەر سەلیم

فۆرمات: سوپەر ١٦ ملیمەتر سینەما ● ماوە: ٨٦ خولەک
بەرهەمی: حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی فرەنسا
لۆکەیشن: هەرێمی کوردستان (هەولێر ـ دیبەگە ـ ئاکرێ)
ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٠٦

# ئەکتەرانی منداڵ لەنێو سینەما

**هەوار شەریف**

سینەما کایەیەکی زیندووڕشتەیەکی هونەری تایبەتە، ڕشتەیەکە ئاوێتەیەکی مرۆییە و ئەو ئاوێتە مرۆییە کە سینەمای زیندوو کردووە و وەک کایەیەکی تایبەت و هونەرێکی مەزن بەدەریخستوە، هاوکات سینەما توانیوێتی دارشتەیەک بێت لەگشت چیرۆکە ژیانیەکان ولەمنداڵ بۆلاو بۆپیربۆئەندێشە و خەیاڵیە زانستیەکان بۆترس بۆسۆزبۆخۆشەویستی.
ئەوەی گرنگە لێی بدوێن ئەو ئەکتەرەمنداڵانەی نێو سینەمان کە توانیویانە جوانترین شاکاری سینەمای بەنواندن بە نواندنەکانیان بەدەربخەن.
لەمیانەی مێژووی سینەمادا تواناکارییە نواندنەکانی منداڵانمان بینیوە کەتاچ ئاستێکی باڵا بوون لە کاتێکدا پێویستە ئەوە بەهەند وەربگرین کە نواندن لەبەردەم کامێرا و لەنێوشاکارە سینەماییەکان کارێکی تاڕادەیەک ئاستەمە و سانا نییە چ جای کە منداڵان لەنێو ئەوکایەیەدا بن، منداڵان هەمیشە لەنێو فیلمەکاندا پشکی سەرکەوتنی فیلمەکانیان بووە هاوکات پێویستی بە بەهرە ولێهاتووی توانای منداڵان و پەیوەندی دەرهێنەرەکە ڕۆڵی باڵا دەبینێت، شاکارە سینەماییەکانییش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەدەرنەبووە لەونواندنە باڵایانەی منداڵان.
بۆناساندنی ئەکتەری منداڵان و شاکارە سینەماییەکانیش پێویست دەکات لەمێژووی سینەماوە دەست پێبکەین.

کوڕە ئەکتەری منداڵ
## جاکی کوبر



کێ هەیە فیلمی (منداڵی) شارڵی شاپڵن و ئەونواندنە ئەفسانەییەی منداڵەکەی (جاکی کوبەر)ی نەبینیبێت، ئەم منداڵە بوە ئەفسانەی نواندنی سینەماو توانی بەوهەستە جوانە منداڵانەیەی خۆی بینەران بۆهەتا هەتایە سەرسام بکات.

کوڕە ئەکتەری منداڵ
## هالی جویل ئۆسمنت



ئەم کوڕە ئەکتەرە منداڵەش یەکێکە لەئەکتەرە بچوکەکانی هۆلیوود و لەجوانترین شاکاری هۆلیوود ڕۆڵی بینیوە، هالیش لەبەردەم ئەکتەرگەلێکی گەورەی هۆلیوود ڕۆڵی بینیوە لە نمونەی (جودی فوستەر، بروس وێلز و چەندان ئەکتەری دی، جوانترین نواندنی هالی لە فیلمی (هەستی شەشەم) بوو لەبەرامبەر ئەکتەری ئەمریکی (بروس وێلس)، دەربارەی منداڵێکە کەدەتوانێت مردووەکان ببینێت، ئەم فیلمە لەجۆری فیلمی ترسناکە و هالیش باشترین و جوانترین نواندن دەکات بەتایبەت کە ئەم فیلمە فیلمێکی دەروونیە و پێویست بەتوانا کارییەکی نواندنی زۆرباڵا و تایبەت دەکات.

کوڕە ئەکتەر
## ماکویس کانکین




ئەم ئەکتەرە منداڵە لە جوانترین زنجیرە فیلمی منداڵاندا نواندنی کردوە کە ٣ بەشی لێبەرهەم هات و دواتر منداڵانی دی لەنواندن لەبەشەکانی دی ئەم فیلمە بەردەوام دەبن ئەو فیلمەش (بەتەنیا لەماڵەوە) یە، ئەم فیلمە فیلمێک بوو تایبەت بەکرسمس کە منداڵێک لەماڵەوە بەتەنیا بەجێدەمێنێت چونکە دایک وباوک و خێزانەکە بۆگەشتێک خۆیان ئامادە دەکەن بەڵام لەبەرترسی دوانەکەوتن لەفڕۆکەکەیان منداڵێکیان لەیاد دەچێت بەخەبەری بێنن و دواتر ئەرکی منداڵەکە ڕووبەڕووبونەوە دەبێت لەگەڵ دوودز و پارێزگاری کردنە لەماڵەکەیان، کۆمەڵێک ڕووداوی پێکەنین و کۆمیدیە.

کچە ئەکتەری منداڵ
## بەهاری سدیقی



تواناکارییەکانی ئەکتەری منداڵان لەفیلمەکانی خۆرئاوا باڵا بوون ولەڕۆژهەڵاتیشدا لەنێو فیلمە ئێرانیەکاندامنداڵان پشکی گەورەیان وەرگرتوە وهەردەم ئەو فیلمانە جوانترین ونایابترین فیلم بووە بەتایبەت ئاستی نواندنی منداڵان تائەوپەڕی بووە، یەکێک لەوفیلمانە کەشایانی باسکردن بێت فیلمی (منداڵانی بەهەشت) ە کەدەرهێنەری گەورە (مەجیدی مەجیدی) دەریهێناوە، سەرکێشیەکە لەنێوان دوومنداڵدا (ئەمیرهاشمین وبەهاری سدیقی) کەدەرهێنەردەچێتە ناو دنیای سەرکێشی ئەو دوومنداڵە و جوانترین چیرۆکی سینەمای سازئەکات.
ئەم ئەزمونە سەرکەوتوانەی نواندنی منداڵان لەنێوشاکارەسینەماییەکانی ئێراندا بەردەوامی دەبێت تافیلمێکی دی لەنمونەی (دەم دەمانەی سپی) هەمان دەرهێنەر کەکیژە ئەکتەر (عایدە محەمەدخانی) نواندنی ئەو شاکارە گەورەییە دەکات ودەبێتە پاڵەوانی چیرۆکەکە.



کیژە ئەکتەری منداڵ
## داکوتا فانینگ



ئەم کیژە منداڵە لە فیلمی « من سامم» نواندنی کرد کە ئەم فیلمە فیلمێکی زۆرتایبەت و مرۆییە، ئەم شاکارە سینەماییە نواندنەکەی ئەم منداڵە ئەکتەرە تائاستێکی باڵایە ڕۆڵێکە زۆرلەتەمەنی خۆی گەورەترە، لەم ڕۆڵەدا وەک دایکێکە کەچۆن سەرپەرشتی باوکە نەخۆشەکەی (شۆن پێن) دەکات کەنەخۆشی دەروونی هەیەو بەهەمووسادەیی و جوانی خۆیەوە ئەو ڕۆڵە زۆرئەستەمە بەرجەستە دەکات.
ئەم کیژە منداڵە زیاد لە ٥٠ شاکاری سینەمایی هەیەو لەبەرامبەر ئەکتەرگەلێکی گەورە لەنمونەی (شون بین، میشیل بفایفر، دینزل واشنتن، روبرت دی نیرو، جودی فوستەر) و چەندین ئەکتەرگەلی گەورەی هالیود نواندنی کردوە ودەنگی چەند کارەکتەرێکی فیلم کارتۆنی بەرجەستە کردوە کەنوێترینیان فیلمی (کارولاین).

**ئەفراندنەکانی ئەکتەرانی منداڵ کۆتایی نایەت و بەردەوام توانا باڵاکانیان لەبواری سینەما درەوشاوەترە تاگەیشتۆتە ئەوئاستەی زۆرجار ئەکتەرە گەورەکان سڵ بکەنەوە لەتواناکاری نواندنی منداڵان**

# جیاوازییەکانی سینەمای کلاسیک و دیجیتاڵ

## ئەدۆ

### بەشی دووەم



■ بەم دواییە لە هەموو بازاڕەکانی فیلمی جیهانیدا ئەو فیلمانەی کە بەرهەم دەهێنرێن راستەوخۆ دەگوازرێنەوە سەر دیسکی CD یان DVD، زۆر فیلمیش دەتوانرێ لەرێگای ئەنتەرنێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر و مۆبایل بگوازرێتەوە، لەهەر شوێنێک کە بینەر بیەوێ و حەز بە بینینی هەر فیلمێک بکات دەتوانێ زۆر بەئاسانی سەیری بکات، ئاگاداری پێشکەوتنە تازەکان بێت، دیارە ئەو بابەتە ئەوەندەکاریگەری لەسەرپێشخستنی سینەما و کاری فیلمسازی پەیدا کردووە، بە جۆرێک کە دەزگاکان وکۆمپانیاکانی سینەما، ئەوانەی خاوەنی بەرهەمە سینەماییەکانن، دەستیان بە کۆنڤێرتی (گۆڕینی) فۆڕماتی فیلمەکانیان کردووە، پەیتا پەیتا فیلمەکۆنەکانیان وەردەگێڕنە سەر دیسک و هاردی دیجیتال، دەست کەوتنی هەموو ئەو جۆرە فیلمانە لە بازاڕەکاندا بە فۆڕماتی دیجیتال باشترین گەواهی دەرە بۆ بە زانستی کردنی ئەو بابەتە. ئایا ئەم پرۆسەیە خێراتر و ئاسانتر نییە بۆ دابەشکردن و گواستنەوە !!!!؟؟؟

ئەگەر هەندێک کەسی پسپۆر لەو بوارە، سینەمای دیجیتال بەوە بێ بەها دەکەن کەوا کواڵەتی دەنگ و رەنگی وەک سلیلۆید نییە، ئەوا شۆرشی تەکنەلۆژیا پەی بەوەیش بردووە و ئێستاکە کامیراو ئامێری وا دروست کراوە کە شان بەشانی ئامێرە سینەماییەکان دەتوانێ کارەکان ئەنجام بدات، هارد دیسک لە جێگای تێپ و کاسێت و بەکرە، هاتۆتە مەیدانەکە و سەد دەر سەدی رەنگ و دەنگ و ڕوناکییەکان دەگوازێتەوە، زۆر جوانکاری و شتی تازەشی خستۆتە سەر، بەدڵنیاییەوە لە داهاتوێکی نزیکدا کواڵێتی وێنە و دەنگ بەرزتریش بێتەوە، کەواتە، سەردەمی سینەمای سلیلۆید بەسەر چوو، ئەوەتا گەورە دەرهێنەی هۆلیود (جۆرج لوکاس) لە ساڵی ٢٠٠٢ وە زۆر بەجدی کاری لەسەر سینەمای



دیجیتال کردو و گەورەترین فیلمی خۆی (شەڕی ئەستێرەکان)ی پێ دروستکرد، ناو و ناوبانگی زۆریشی پەیدا کرد، سەدان ملیۆن دۆلاریشی قازانج کرد، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە جۆرج لوکاس بۆ مەیسەر کردنی ئەو ئەرکە قورسە و جێبەجێ کردنی، مافوری سوری بۆ ڕاخرابێ و دووچاری هیچ کێشەو گرفتی گەورە نەبووبێتەوە.

بۆ نمایش کردنی فیلمی شەڕی ئەستێرەکان (لوکاس فیلم) کە کۆمپانیای بەرهەم هێنەری فیلمی شەڕی ئەستێرەکانی دەرهێنەری جیهانی جۆرج لوکاسە، گەورەترین کێشەی هاتە پێش، ئەویش ئامێری پەخش کردنی فیلمەکان بوو، چونکە هەموو ئەو ئامێرانەی کە لە هۆڵەکانی نیشان دان دەست دەکەوتن هەمووی ئامێری نیشاندانی کلاسیکی بوون، بۆیە بەناچاری بۆ هەر هۆلێکی سینەما کۆپییەکی ٣٥ ملمیان دەنارد، تاوەکوو کەس لە بینینی ئەو فیلمە بەهێزە بێ بەش نەبێت، کڕینی ئامێرە تازەکان و لادانی ئامێرە کلاسیکیەکان بۆ هۆڵەکانی نمایش و ستۆدیۆکانی مۆنتاژ و میکسی دەنگ و شوشتنەوە و چاپ کردن و دەیان کاری دیکەی تەکنیکی، پێویستی بە بڕە پارەیەکی زۆر هەیە و رەنگە هەندێک لەو هۆڵ و کۆمپانیاو ستۆدیۆیانە نەتوانن ئەو گۆڕانکاریە دروست بکەن، بەڵام جۆرج لۆکاس هەر مکوڕە لەسەر ئەوەی کە دوا بەشی فیلمی شەری ئەستێرەکان بە سیستەمی دیجیتال بەرهەم بهێنێ و لە هۆڵەکانی سینەماشدا بە پرۆژێکتۆری دیجیتال نیشانی بدات. دیارە مەسەلەکە تەنها ئەو دەرهێنەرە نییە کە ڕکابەرایەتی هەموو دونیای سینەمای کردبێ، بەڵکو سەدان دەرهێنەری دیکەی دونیا ئێستاکە زۆر بە دڵسۆزی دەستیان داوەتە ئەو کارە، بەتایبەتیش ئەوانەی کەسەرمایەکی دارایی باش لەبەر دەستیاندا نییە، باشترین نموونەش ئەو دەرهێنەرە گەنجانەن ئێستاکە فیلم دروست دەکەن و لە فێستیڤالە جیهانیەکانیشدا ڕکابەرایتی فیلمە جیهانیەکانی پێدەکەن. دەرهێنەری جیهانی (ستیڤن سپیلبێرگ) پێش چەندساڵێک لە یاداشتێکیدا دەڵێت: سینەما زۆربەردەوام نابێت، لێرەوە تا سەد ساڵی دیکە شتێ دێتە



مەیدانەکە و سینەما و ڤیدیۆ لە پاش خۆیدا جێ دەهێڵێ، نازانم ئەو شتە چییە بەڵام رەنگە لەگەل عەقڵی مرۆڤ گرێ بدرێت ..... نازانم، بەڵام ئێوە بڕوادەکەن یەک کۆپی فیلمێک و یەک کەنالی دەنگ و یەک مانگی دەست کرد و سەد هۆڵی نیشان دان!!!، بەم شێوەیە بەهۆی ئامێرێکەوە کە لە کورسی ناو هۆڵەکان دادەنرێت دەتوانرێ کاردانەوەی بینەر بزانری و هەروەها خێرایی لێدانی دڵی تەماشەکەران بزانرێ، رەنگە ئەو گۆڕانکاریە بەر لە هاتنی ساڵی ١٩٩٠ روبدات.

ریکدین کە لە زۆرێک لە فیلمە بەناوبانگەکان بەشدارێکی کارای فێڵە سینەماییەکانە وبەڕێوەبەری پێشکەوتنی بازرگانیە لە یەکێک لە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان دەلێت: هاتنە کایەی ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەتووەی دیجیتال، ئەو ماوە دوورەی نێوان سینەما و ڤیدیۆی کورت کردۆتەوە، وای کرد کەبەیەکەوە گرێ بدرێن و بەیەکەوە کار بکەن. ئەو فیلمەی کە لەنێو هۆڵەکاندا نیشانی بینەران دەردێت هەمان فیلم کۆپی دەکرێت و دابەش دەکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە ماڵەکانی خۆیان بیبینن.

ئەو گۆرانکاریانە ئەوەندە خێران کە هەر کۆمپانیایە بەرهەم وئامێرەکانی بە نرخێکی گونجاو دەخاتە بازاڕ، جا بۆ ئەوەی هۆلیود گەورەترین بازاڕی سینەما و زۆرترین قازانج و فرۆشی فیلمەکانی لەدەست نەدات، کەوتۆتەخۆ، خەریکە بە تەواوەتی خۆی لە گەڵ ئەو سیستەمە نوێیە بگونجێنێ، چونکە گەورە دەرهێنەر و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەم هێنان لەوە دڵنیان کە ناتوانن بەری ئەو شاڵاوەی شۆرشی تەکنەلۆژیای دیجیتال بگرن و ڕکابەرایەتی بکەن، بەڵام بۆ گۆرانکاری بنەڕەتی هەموو سیستەمەکان، کاتێکی زۆرتر و بڕە پارەیەکی یەکجار زۆری تر پێویست دەبێت ، بەم شێوەیە بازاڕ و گەرم و گوڕی فرۆشتن بە تین دەبێت و هەموو کونجێکی ئەو دونیایە بەرزترین کواڵەتی و دواترین بەرهەمی سینەمایی پێ ئاشنا دەبێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بەهۆی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر دەتوانرێ کۆنترۆڵی کۆپی کردن و فرۆشتن و دابەشکردنی نایاسایی بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تەکنەلۆژیای تازە وەڵامی تازەی پێ دەبێت. لە ژمارەکانی داهاتوو زیاتر لەسینەمای دیجیتال دەدوێن و گەلێک لایەنی دیکەی شاراوە ئاشکرا دەکەین.

# جووله و چاوی مرۆڤ

ئــەو گۆڕانکاریانە ئەوەندە خێران کە هەر کۆمپانیایە بەرهەم و ئامێرەکانی بە نرخێکی گونجاو دەخاتە بازاڕ، جا بۆ ئەوەی هۆلیود گەورەترین بازاڕی سینەما و زۆرترین قازانج و فرۆشی فیلمەکانی لەدەست نەدات، کەوتۆتەخۆ، خەریکە بە تەواوەتی خۆی لە گەڵ ئەو سیســتەمە نوێیە بگونجێنێ، چونکە گەورە دەرهێنەر و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەم هێنان لەوە دڵنیان کە ناتوانن بەری ئەو شالاوەی شۆرشی تەکنەلۆژیای دیجیتال بگرن و ڕکابەرایەتی بکەن، بەڵام بۆ گۆرانکاری بنەڕەتی هەموو سیستەمەکان، کاتێکی زۆرتر و بڕە پارەیەکی یەکجار زۆری تر پێویست دەبێت، بەم شێوەیە بازاڕ و گەرم و گوڕی فرۆشتن بە تین دەبێت و هەموو کونجێکی ئەو دونیایە بەرزترین کواڵەتی و دواترین بەرهەمی سینەمایی پێ ئاشنا دەبێت.






بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بەهۆی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر دەتوانرێ کۆنترۆڵی کۆپی کردن و فرۆشتن و دابەشکردنی نایاسایی بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تەکنەلۆژیای تازە وەڵامی تازەی پێ دەبێت. لە ژمارەکانی داهاتوو زیاتر لەسینەمای دیجیتال دەدوێن و گەلێک لایەنی دیکەی شاراوە ئاشکرا دەکەین.




دواتر ژمارییەک لە زاناکان چەند ئامێرێکیان دروســت کرد و راســتی ئەو بیردۆزەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی سەلماند،بەڵام ئەوکات ئامێرەکان سادە و ساکار بوون و تەکنە لۆژیا پێشکەوتوو نەبوو بۆیە ئامێرەکان لەیاری منداڵان دەچوو، نموونە:

- دیسکێک لە چەشنی (سی دی)ئێستا بەڵام بەقەبارەی گەورەتر وێنەی لەسەر کێشرابوو.
- کتێبێک هەموو لاپەڕەکانی وێنە بوو.



- دیســکێک لەســەر لێوارەکــەی وێنــەی جۆراوجۆرکێشرابوو.کاتێ دیســکەکە دەخولایەوە یاخود لاپەڕەی کتێبەکە بەخێرایی‌هەڵدەدرایەو،لەوکاتە دا هەست بەجولانەوی وێنەکان دەکرا. لەراســتیدا ئەوانە تەنها وێنەی وەستاو بوون هۆی هەستکردن بەجولانەویان ئەوە بوو کە ئەو وێنانەی لەبەر چاوان ڕەت دەبن لەقولایی چاومان بۆماوەی ١٠/١ چرکە دوای ون بوون دەمێنێتەوە.

لەو کاتەدا وێنەیەکی دیکە جێگای وێنەی پێشو دەگرێتەوە بەجولەیەکی خەیاڵاوی نێوان هەردوو وێنە گرێ دەدرێت،بۆ دڵنیا بوون لەو بیرۆدزە هەموو کەســێک دەتوانێ ئەو کردارە ئەنجــام بدات،وردە وردە ئەو ئامێر پێشکەوت،لەســاڵی ١٨٢٥ زانــای ئەڵمانی ((فیتۆب)) ئامێرێکی دروست کرد و ناوی نا ((تۆما تروب)) کەبریتی بوو لە دیسکێکی ئەستوری لەکاغەز دروستکراو لە رووی یەکەمی وێنەی چۆلەکەیەکی لەسەر کێشرابوو لە رووی دووەمیشی وێنەی قەفەزێکی لەسەر کێشرابوو،پەتێکی باریک لە ناوەراستی کاغەزەکە هەڵکێشرابوو،کاتێ بە هۆی پەتەکەوە دیسکە کاغەزیەکە دەخولایەوە چۆلەکەکە لەناو قەفەزەکەدا دەبینرا.

دواتر لە بازاڕەکانی لەندەن و پاریس بەشێوەی جیاواز یاری لەو جۆرە پەدابوون،نموونە:

- پیاوێک سواری پشتی ئەسپێک بووە.
- راوکەرێک مامز راو دەکات.
- وشەیەک دابەشی دوو کرابوو کاتێک ئامێرەکە دەخولایەوە دوو وێنەکە لە شێوەی یەک وێنەدا خۆیان نیشان دەدا.



## فیناکستکۆپ

ســاڵی ١٨٣٢زانای بەلجیکــی ((پلاتۆ)) ئامێری ((فینا کســتکۆپ))ی داهێنا،کە بریتی بوو لە دیسکێکی خڕ و لێوارەکەی بەوێنەی ئەسپێک لەحاڵەتی وەستانی جیاواز نەخشێنرابوو،لەژێر وێنەکانیش پەنجەرەی درێژ هەبوون کە لەناوەراستی دیسکەکە جێگیر کرابوون، لەکاتی خولاندنەوەی قەوانەکە لە بەرامبەر ئەو وێنەیەدا وێنەی ئێسترەکان لەناو پەنجەرە درێژوکانیەکاندا بەهەڵگەڕاوەیی دەبینرا، لەئەنجامدا وێنەی راکردنی ئەســپێک بەرجەستە دەبوو.



## زۆترۆپ
zoetrope



ســاڵی ١٨٣٤ ( (هۆرنەر)) ئامێری ( (رەورەوەی ژیــان))ی داهێنــا و نــاوی نا ( (زوترۆپ)).ئەو ئامێرە لە بۆڕیەکی ئەســتوری قەبارە ٣٠ سانتیمەتردروستکرابوولە نیوەی سەرەوەی ئامێرەکەداکونی درێژهەبوون،لەناوەوەش رۆلێک (بەکرەیەک)لە وێنە لەسەر کاغەزی بەهێز چەسپ کرابوو،وێنەکان دەکەوتنە بەرامبەر کونــە درێــژەکان و کاتێک کە بۆڕیەکە دەخولایــەوە وێنەکان وا خۆیان نیشــان دەدا کە دەجولێنەوە ( (هۆڕنەر)) بەهۆی ئەو ئامێرەوە توانی جولە بخاتە وێنەی وەستاو،هەروەها توانی

# چەند فیلمێکی کوردی بەشداری لە چەند فیستڤاڵێکی جیهانی دەکەن



## ژیانی لادێ

*Director: Hossein Jehani*

.Beirut International Documentary Festival (9th), September 2009, Lebanon
.Flahertiana Russia, October 2009, Russia
.Festival Cinéma Nouvelle Génération, October 2009, France
.International Panorama of Independent Filmmakers, October 2009, Greece
.Bolzano Short Film Festival, *November 2009, Italy*

## وێنەگر، لەکەناری دەریا



*Director: Hossein Jehani*

.The First and the last International Film Festival, September Australia
.Beirut International Documentary Festival (9th), September 2009, Lebanon
.13th Ismailia International film festival for documentary and short films *October 2009, Egypt*



## نیشتمانی دایک

*Director: Tania Raouf*

.The First and the last International Film Festival, September Australia.



## ساڵی سفر



## نەوەی بەباچوو

*Director: Hossein Jehani*
6th London Kurdish Film November 2009

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو فیلمانە، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکەن:

www.wimhfp.com

# کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێت

*Nobody Knows About Persian Cats*

ئەرسەلان سەلیم مەحمود

● دەرهێنەر، نووسەر، بەرهەم هێنەر: بەهمەنی قوبادی
سیناریۆ: بەهمەنی قوبادی، حوسێن م. ئابکنار، رۆکسانا سابری
بەرێوەبەری وێنە گرتن: توورەجی ئەسلانی ● مۆنتاژ: هایدە سەفی یاری
ی. دەرهێنەر: مەهدی پوور موسا، ئابتین قوبادی
دەنگ: نیزامەددین کیایی ● بەرێوەبەری بەرهەم: بێهرووزی قوبادی
نواندن: نیگار شەقاقی، حامد بێهداد، ئەشکانی کووشانفەر، بابەکی میرزاخانی، ...

کورتەی چیرۆک:

کچ و کوڕێکی گەنج دوای ئازاد بوونیان لە گرتووخانە، بۆ پێکهێنانی گروپێکی موسیقای Heavy Metal دەچنە ناو دڵی تاران و دەست بە گەشتێکی نهێنی دەکەن تا یەکە یەکەی ئەندامانی گروپی خۆیان لە نێوان گروپە شاراوە ژێرزەمینییەکانی (Underground) تاران بدۆزنەوە. دوای پێکهێنانی گروپ دەیانەوێ لە ئێران دەربچن و بگەنە فستیڤالێکی مۆسیقا لە لەندەن، بەڵام هیچ کامیان ئەو پارەیان نییە کە پێی دەربچن و تەنانەت پاسەپۆرتیشیان نییە. گەنجێک هەوڵ دەدات پاسەپورتی ساختەیان بۆ دەستەبەر بکات و پێش دەرچوونیان لە ئێران کونسێرتێکی شاراوەیان بۆ ساز بکات و...

دوای رێگەپێنەدانی پەخشی فیلمی «نیوە مانگ»ی بەهمەنی قوبادی کە باس لە ژنە کوردێکی گۆرانیبێژ دەکات، لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگی ئێران، جارێکیتر بەهمەنی قوبادی لە فیلمێک باسی موسیقا دەکات، بەڵام ئەم جارە خەریکی موسیقای ژێرزەمینی ئێران دەبێ.

قوبادی لە چاوپێکەوتنێک دا دەڵێ: «دوو ساڵ لەمەوبەر حوسێنی عەلی زادە و من بە تەمای ئامادەکردنی ئەلبۆمێکی موسیقا بووین. دەیان گوت دەنگت خراپ نییە و منیش پێم باش بوو ئەزموونێکی نوێم هەبێ. هەر لەو کاتیشدا، دەمویست فیلمێک دروست بکەم، نەیان هێشت. دوو رێگە لە بەردەمم دا هەبوو تا بەرگەی ئەم ناخۆشییە بگرم. یا لە ئێران دەرچووبام یا ئەوەی کە بمابام و بە جۆرێک خۆمم بەتاڵ کردبا. هەر لەو کاتە بوو بریارم دا خەریکی موسیقا ببم.»

بە پێی قسەکانی قوبادی، هەر لم بارۆدۆخەدا لە گەڵ دووسێ گەنج ئاشنا دەبێت کە خەریکی موسیقای ژێر زەمینین و پێشنیار دەکەن هەر چون ئەوان بە شێوەیەکی نهێنی و ژێرزەمینی دروست بکات و ئەمە دەبێ بە بیرۆکەی فیلمی «کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ».

ئەم فیلمە کارێکی بەلگەنامەیی- گێرانەوەییە و لێکۆلینەوەیەکی زۆری بۆ کراوە. چەندەها ساعەت لەگەڵ کەسایەتییەکانی موسیقای ژێرزەمینی ئێرانی چاوپێکەوتن کراوە و شوێنی کارکردنیان بەسەر کراوەتەوە هەتا زانیارییە سەرەتاییەکانی سیناریۆ دەست کەوێ.

بۆ موسیقاژەنەکانی ناو فیلمەکە هەوڵ دراوە باشترین ژەنیارەکانی رێبازەکانی موسیقای هێڤی متال، راپ و رۆک هەڵبژردرێن، بەڵام سیناریۆی فیلمەکە وەک زۆربەی کارەکانی قوبادی لە کاتی وێنەگرتن شێوەی کۆتایی خۆی وەردەگرێ و بە قسەی قوبادی ئەم مەسەلەیە زیاتر بەڵگەنامەیی بوونی فیلمەکە بەرجەستە دەکات.

تەنها یەکێک لە ئەکتەرەکان (حامد بەهداد)، پرۆفیشناڵە و ئەوانی تر پێشتر کاری نواندنیان نەکردووە. بەگشتی کاتێک ئەکتەرەکان خیبرەی کاری سینەماییان نییە، دروست بوونی فیلم ماوەیەکی زیاتری دەوێ، بەڵام ئەم فیلمە تەنها لە ماوەی ١٧ رۆژ وێنەی گیراوە و هەوڵ دراوە ریتمی فیلمەکە وەک ریتمی خێرای موسیقای هێڤی متال خێرا بێت.



فیلمە نوێکەی بەهمەنی قوبادی تەنها باس لە موسیقای ژێرزەمینی ئێران ناکات و لەم فیلمە هەوڵ دراوە وێنەیەکی تازە لە تاران بخرێتە روو. ئەم تارانەی هەموو شتی باش و خۆش نییە و ژیانێکی تریش لە ژێر هات و هاواری ئاسایی ئەم شارە، بوونی هەیە و لە راستیدا لەم فیلمەدا رووبەرووی بەشێکی تاران دەبینەوە کە کەسانێکی کەم بینیویانە.

فیلمی «کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێت» لە فستیڤالی ئەم ساڵەی «کان» لە بەشی «جۆرێکی روانین» خەڵاتی تایبەتی بە دەست هێنا و بە بروای زۆربەی رەخنەگرانی سینەما شایانی ئەوە بوو کە لە بەشی سەرەکی ئەم فستیڤالە بەشدار بێت و خەڵاتی باشترین فیلمی پێ بدرێت، بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە پێیان وا بوو، گیرانی

رۆکسانا سابری یەکێک لە سیناریۆ نووسانی ئەم فیلمە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێران بە تومەتی سیخۆری و هەروەها بارۆدۆخی سیاسی ئێران لە سەرکەوتنی ئەم فیلمەدا رۆڵی هەبووە.

پشیلەی ئێرانی جۆرێکی بەهاداری پێشیلەیە و بەردەوام لە فستیڤاڵەکانی جوانترین پشیلەی جیهان پلەی بە دەست هێناوە. ئەو موسیقایەی ئەم فیلمە باسی لێ دەکات موسیقای هێڤی متالە (Heavy Metal) کە جۆرێکە لە لقەکانی موسیقای رۆک (Rock) و لە دونیا جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەیە، بەڵام لە ئێران بە موسیقای شەیتان یان شەیتان پەرستەکان لە لایەن دەسەڵات لە قەلەم دراوە و قەدەغە کراوە. لە باوەری ئێرانییەکان زۆرجار پشیلە بە سیمبۆل یان تەنانەت خۆدی جنۆکە لە قەلەم دراوە و هەر بە پێی ئەم باوەرە جنۆکە لە جنسی شەیتانە. بە لێکدانەوەی ئەم بۆچوونانە خواستنێک (استعارە) بۆمان دەرئەکەوێ کە ناوی فیلمەکە مانادار دەکات. لەوانەیە قوبادی بیەوێ بەم جۆرە باس لە پشیلە (موسیقارە) بەنازە بێ نازکراوەکانی ئێرانی بکات.

Journal Cinemathographique kurde, publié par:
Dr. Mohsen Ahmad OMER
Adnan Osman ALI

October.2009

KURDISTAN - HAWLER

# CINEMA KURDICA

cinemakurdika@yahoo.com

سینەما کوردیکا
CINÉMA KURDICA
8
ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

adnanfilm@yahoo.com
Dr_mohsen_omar@yahoo.com
Tel : (+964) 750 453 75 89
Tel : (+964) 750 446 43 67

Graphique et mis en pages:
Chiman HASSANI
Asso MAMZADA
vinagraph@gmail.com
Tel :( +964) 750 707 56 15

www.filmmaking. Net

ئەم ماڵپەڕە زۆر بەسـوودە بۆ ئەوانەی تازە دەسـت بە کاری فیلمسـازی دەکەن، کۆمەڵێک زانیاری زۆر ورد لەسـەر هونەرەکانـی سـینەما بەرچـاو دەکەوێت، هەروەهـا وەڵامی هەموو پرسـیارە هەڵپەسـێردراوەکانی لەلایە.

www. documentaryfilms .net

لـەم ماڵپەڕەدا زانیاری و لایەنە شـاراوەکانی فیلمـی دۆکیۆمێنتەری بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لیسـتی باشترین ١٠ فیلمی دۆکیۆمینتەری بڵاو کراوەتەوە.

www.focal. Ch

ئەم ماڵپەڕە هەلی گۆڕینەوەی زانیاری دەرخسێنێ لە نێوان فیلمسازانی دونیا، هەر لە نوسینی سیناریۆ تاکو بە بازارکردن و تەکنەلۆژیای نوێ و دەرهێنان و وێنەگرتن و کارکردن لەگەڵ ئەکتەر و دەنگ و ڕوناکی، هەروەها سەبارەت بە قۆناغی پۆست پرۆداکشن و دابەشکردن و پروپاگەندەش زانیاری وردی بڵاو کردۆتەوە.

www.indiewire. Com

ئەم ماڵپەڕە هاوکاری دەرهێنەری فیلمە بێ لایەنەکان دەکات و هەوڵ دەدات سپۆنسـەریان بۆ بدۆزێتەوە. ڕێگە نیشـاندەرە بۆ دابەشـکردن و بڵا و کردنەوە.

## WEB C I N E M A

www.kurdishcinema.com

ماڵپەڕی سینەمای کوردی

www.focal. Chwww.lkff.co.uk

ماڵپەڕی فیستڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ماڵپەڕی سینەمای کوردی




## فیلمـی زیندانەکەم، ماڵەکەم

دوابەرهەمی دکیۆمێنتی سـینەماکار (مانـۆ خەلیل)ە کـە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لەفیستڤاڵی (هۆرکینوس)لە ئیتاڵیا نمایشکرا، ماوەی ئەو فیلمە ٣٣ خولەکەو تەواوی کاری وێنەگرتنی لە قـەڵای نزارکێ لە شـاری دهۆک ئەنجامدراوە.



## داوەتکردنی بەهمەن بـۆچیـن

هەموو ساڵێک لە لایەن World Economic Forum لێکۆبونـەوەی ڕێبەرانـی لاوی جیهان Young Global leaders ئەنجـام دەدرێت. ئەمسـاڵ لە چین بەڕێوە دەچێت، یەکێک لە بانگهێشت کراوەکان دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادییە کە وەک ڕێبەرێکی لاوی جیهان لە لەرۆژهەڵاتی ناوەراسـت بەشداری دەکات. ڕێبەرانـی وڵاتانی جیهان کە ژمارەیـان لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەس دەبێت ،بە بیرورا جوانەکانیان هەوڵ دەدەن ئایندەی جیهان بگۆڕن.

## فیلمێک بـۆ مرۆڤە کەڕەکان

دڵشـاد شادی لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکی بەرهەم هێنانـی کورتە فیلمێکە بـۆ مرۆڤە کەڕەکان. چیرۆکـی فیلمەکە بریتیە لە گێرانەوەی چیرۆکـی باخەوانێکی کەڕ کە چۆن هەڵس و کەوت لە گەڵ سروشـتدا دەکات، هەڵبـەت دەبێتە جێگای سـەرنجی بەرپرسانی بواری کشتوکاڵ. دەرهێنەر دەیەوێ لە ڕێگای ئەو فیلمەوە بە بینەران بڵێ کەوا مرۆڤە کەڕەکانیش وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانـن بژین و کار و کاردانەویان بۆ دەور و بەر هەبێت، بڕیارە ئەم سـاڵ ئەم پرۆژیە کۆتایی بێ و ساڵی داهاتوو نمایش بکرێت و ڕێگەی فیسـتیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانیەکان بگرێتە بەر.



## فستیڤاڵی سینەمای فەرنسی لە هەولێر

سـینەما لە فەرەنسا هەرلە ساڵی ١٨٩٧ وە بۆتـە کولتورێکـی جوان و مێژوێکی هەمیشـە لە یاد نەچوو



## ئەو سێوەی دڵی سەعیدیان بوو تەواو بوو

مەسعودی مەلا هەمزە

کورتە فیلمی خامۆشی «ئەو سێوەی کە دڵی من بوو» لە سیناریۆ و دەرهێنانی سەیوان سەعیدیان و وێنەگرتنی حەمید قەوامی و مۆنتاژی ئیبراهیمی سەعیدی قۆناغی وێنەگرتنی تەواو بووە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە.

دەربارەی ئەم فیلمە سەیوان، گوتی: لۆکەیشنەکانی ئەم کارە لە شەقڵاوە بوون و کارەکەش چیرۆکێکی ئەڤیندارانەیە کە سێوی مێخەک ڕێژ بابەتی سەرەکیەتی و بڕیارە ساڵی داهاتوو لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە ٢٠١٠/٢/١٤ لـە ڕۆژی ڤالانتایندا نمایش بکرێ. ئەم کارەش بەشێکە لە پرۆژەی بە نەتەوەیی کردنی سێوی مێخەکرێژ».

دەربـارەی ئەکتەرانی بەشـداربووی ئەم فیلمە سەعیدیان گوتی: لەم فیلمەدا چەند ئەکتەرێک دەوریـان هەبووە، کە هەموویان بۆ یەکەم جاریانە کاری نواندن دەکـەن و ڕۆڵی سـەرەکیش لە کورتە فیلمە خامۆشەکە هەریەک لە «شلێری باپیری، زۆزک جەمیل پەترۆس، ترێزیە سـریۆکە بیە و ڕێبیـن رزگار خالید» بەرجەسـتەی دەکەن. سۆران ئیبراهیم، سابیر عەبدولرەحیم و خالید مەولوود لە بەشی تەکنیکی هاوکاری فیلمەکە بوون.

جێی ئاماژەیە ئەم کورتە فیلمە باس لە خۆشەویسـتی نێـوان کوڕ و کچێک دەکا و بـێ دیالۆگە، بە وێنە و موزیک گوزارشـت لـە حاڵەتـەکان دەکرێت، چیرۆکـی خۆشەویسـتییان لەرێـگای سێوێکی مێخەکرێژەوە دەگێڕدرێتەوە.




## شەش هۆڵی سینەما لە کوردستان

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاشـیگەیاند کە حکومەتـی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی لەبەر دەستە بۆ دروسـت کردنی شەش هۆڵی سینەما بە شێوەیەکی مۆدێرن کە هەر یەکەی جێگای هەزار کەس دەگرێ، پاشان، بە هەمان شێوە پرۆژەکە فراوانتر دەکرێت بۆ دروست کردنی هۆڵی زیاتر لە شار و شـارۆچکەکانی تری کوردسـتان، هەڵبـەت لـە پێنـاوی بووژاندنەوە و پەرپێدانـی گیانـی هونـەری و ئاشـناکردنی سـینەما بـە خەڵکی کوردستان. بەڕێز ناسر حەسەن گوتی بێجگە لـەم هۆڵانە حکومەتی هەرێم، لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیاری داوە دوانزە تیمی سـینەمایی گەڕۆک دروست بکا، بۆ پیشاندانی فیلم لە گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، ئەمەش هەنگاوێکـی بێ وێنەیـە و ڕۆڵێکی سەرەنجڕاکێشی دەبێ لە گەشەپێدانی گیانی هونـەری فراوان کردنی بازنەی ڕۆشنبیری لە کوردستان.



## شوێنێک بۆ یاری

بەپێی ڕاگەیاندنێکی کۆمپانیای نارین فیلم: فیلمی سینەمایی (شـوێنێک بۆ یاری-KICK OFF) لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین وەکو یەکەمین بەرهەمی هەرێمی کوردستان و ژاپون دێتە ئەژماردن، لە یەکەمین بەشداریی نێونەتەوەیی، لە بەشی کێبڕکێی سەرەکی ١٤ەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بۆسان لە کۆریای باشوور بەشداری دەکات.

ئەم فیلمە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی سـینەمای سـلێمانی و وڵاتی ژاپۆنە».



## فیلمی هەرمان

هەرمان لە بەرهەمی وەزارەتی رۆشـنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما—بەڕێوەبەرایەتی سینەما یە لە هەولێر، دەرهێنانی هونەرمەند حسێن حەسەنە لە خولی ئەمساڵی فیستڤاڵی سینەمایی بۆسان لە کۆریای باشور بەشداری دەکات، هەرسێ هونەرمەند (حسێن حەسەن ومحەمەد جانۆ و هەرمان محەمەد) بانگهێشت کراون، بۆسان فیستڤاڵێکی سینەمایی نێو نەتەوەییە و سـاڵانە لە کۆریای باشور ساز دەکرێت، خولی ئەمساڵیش لە مانگی ئۆکتۆبەر دەست پێدەکات.

## گۆڤاری(فیلم) دەردەچێت

لەسـەر ئەرکـی بەڕێوەبەرایەتـی هونەری سینەمای سلێمانی، لەماوەی داهاتوودا گۆڤارێکی تایبەت بەهونەری فیلمسازی بڵاو دەبێتەوە.

ئـەم گۆڤـارە خـاوەن ئیمتیـازی (ئازاد سـەوزە) و سەرنووسـەری (کەریمۆک)ە.

ئێستا لەقۆناغی دیزایندایە و مەزەندە دەکرێت لەماوەی داهاتوودا بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.

لەبـارەی گرنگـی دەرچوونـی ئـەم گۆڤـارە بەرێز (کەریمـۆک)ی سەرنوسەر گوتی: (ڕەوتی فیلمسازی لە کوردستان هەنگاوی باشی بڕیوە، بزووتنەوەیەکی سینەمایی ئەگەر لە ئاستی خوازراوییشدا نەبێت دەستی پێکـردووە، لەژێـر ڕۆشـنایی ئەو دیدگایە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشایە بەرچـاوە، بەهـاوکاری خەمخۆرانی سـینەما هەوڵمانـداوە گۆڤارێکـی تایبـەت بەسـینەما و فیلمسـازی دەربکەین، کەلەم چەند ڕۆژە دەست بە چاپکردنی دەکرێت. هیوامان وایە ئەو گۆڤارە خزمەتێکی شایسـتە بە بواری فیلمسازی بکات).